www.kurdistannet.org
03/03/2003 12:38

# گەشتێک بە ڕۆژنامەکانی تورکیادا (٢)

بەکر شوانی
bschwani@hotmail.com

## ڕێکەوتن تەواوە

ڕۆژنامەی "ئاکشام" لە هەواڵێکدا بەو ناونیشانەی سەرەوە کە لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٢/٢٧دا چاپکراوە، باس لە ڕێکەوتنی نێوان تورکیا و ئەمەریکا دەکات و دەنوسێ:

(بە دڵی تورکیا بوو. ئەو دەقەی چارەنوسی مۆڵەت بەخشین دیاری دەکات، ئیمزا کرا. تورکمانەکان بە ڕەگەزێکی سەرەکی دانران. چەکی قورس بەسەر کوردەکاندا دابەش ناکرێ. ٦ ملیار دۆلار پارە بە تورکیا دەبەخشرێ.

ڕێکەوتنی سیاسی: ئەمەریکیەکان لە سەرەتای گفتوگۆکاندا بەهیچ جۆرێک ڕەوشی تورکمانەکانیان لەبەرچاو نەگرت. لە باسکردنی پێکهاتەی عێراقدا بەردەوام فۆرمی "عەرەبەکان و کوردەکان و ئەوانی تر" بەکارهێنرا و ئەم فۆرمە بوو بە هۆی ڕوودانی قەیران. تورکمانەکان کە تورکیا زۆر بە پەرۆشەوە بەرگریان لێدەکات، ناویان بەم شێوەیەی لای خوارەوە خرایە دەقی ڕێکەوتنەکەوە:

گەلی عێراق لە "عەرەب، کورد، تورکمان، قیبتی، یەزیدی و سوریانی" پێکدێ. لە ڕێکەوتنەکەدا ئەم خاڵانە جێگیلا کرا:

* پێکهاتەی یەکگرتووی عێراق بە هیچ شێوەیەک دەستکاری ناکرێ.
* بە بەشداری زۆرینەی عەرەب و کورد و تورکمان حکومەتێک پێکدەهێنرێ.
* بە هیچ جۆرێک دەوڵەتی کوردی دانامەزرێندرێ.
* لە وڵاتدا هەر یەک سوپا دەبێت.

ڕێکەوتنی سەربازی: داخوازی تورکیا لەمەڕ ئەو چەکانەی بە کوردەکانی عێراق دەدرێ، پەسەندکرا.

* ئەو چەکانەی ئەمەریکا دابەشی دەکات، دەکەوێتە خانەی چەکی سوکەوە. دابەشکردن لەژێر کۆنترۆڵی تورکیادا دەبێت.
* چەکی بەهێزی وەکو تۆپ و فرۆکەشکێن و بەهێز نادرێ بە کوردەکان.
* کۆپیەکی لیستەی چەکەکان لای تورکیا دەبێت. لەدوای شەڕ چەکەکان کۆدەکرێتەوە.
* چەکەکان دەدرێت بە حکومەتی داهاتوی عێراق.)

## شەڕی عێراق نا، شەڕی باکوری عێراق

دۆغان هەپەر لە بەشێکی وتارێکدا کە بەو ناونیشانەی سەرەوە لە ژمارەی ڕۆژی ۲۰۰۳/۲/۲۷ ی ڕۆژنامەی "میللیەت" دا بلاوکراوەتەوە، دەنوسێ:

(تورکیا لەمەڕ بارودۆخی باکوری عێراق نیگەرانە. ئەنقەرە جەخت لەسەر ئەم پێنج بابەتە دەکات: دەوڵەتی کوردی دانەمەزرێ. ڕێگا لە کۆچ بگیرێ. هەرێمەکانی نەوت داگیرنەکرێن. تورکمانەکان بپارێزرێن. پکک زیندوو نەکرێتەوە.
لەبەر ئەم هۆیانەیە کە تورکیا دەیەوێت لە باکوری عێراق ڕۆلێکی چالاکی هەبێت. سەرکردەکانی کورد بە توندی بەمە نارازین و تەنانەت هەڕەشەش دەکەن. بڕیاری پەرلەمانەکەیان و هانابردنیان بۆ بۆش-یش نیشاندەری ئەو هەلوێستەیە. هەر هەمان ئەو سەرکردە کوردانە دەلێن ئەندێشەکانی تورکیا لەجێی خۆیدا نیە. ئەگەر ئەم قسانەیان لە دلەوەیە، ئەدی بۆچی لە ئارەزووی تورکیا بۆ تەدبیروەگرتن بەگومانن؟ تێگەیشتن دژوارە.)

## تورکیا، ئەمەریکا و خۆرهەلاتی ناوەڕاست

حەسەن جەلال گویزەل لە چەند بڕگەیەکی وتارێکدا کە لەژێر ئەو سەردێرەی سەرەوەدا لە ژمارەی ڕۆژی ۲۰۰۳/۲/۲٦ی ڕۆژنامەی "تەرجومان"دا چاپکراوە، دەلێ:

(ئێمە هەمیشە کوردمان بە بەشێک لە میللەتی خۆمان زانیوە، بۆیە لە لۆزان دا کوردەکان لە جیاتی حسابی کەمینە، بە ڕەگەزێکی سەرەکی دانران. ئێستا ژمارەی کوردەکان لە جیهاندا نزیکەی ۱۹ ملیۆنە کە ۷ ملیۆنیان لە ئێران و، ٦ ملیۆنیان لە تورکیا و، ٥.٤ ملیۆنیان لە عێراق و، نیو ملیۆنیان لە سوریا و ولاتانی تر دەژین. کۆکردنەوەی ئەمانە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بۆیان، بەواتای پێشێلکردنی ڕاستیە سیاسی و جوگرافیەکانە و، لەوەش گرنگتر خراپترین ڕەفتارە کە بەرامبەر بە برا کوردەکانمان پەیرەو بکرێ. لەبەرامبەر ئەمەریکادا کە دابەشنەکردنی سەرچاوەکانی نەوتی کردووە بە دروشمی سەرەکی خۆی، لە حالەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ لە سەرزەمینێکی سەختدا بۆ کۆمەلێک عەشیرەتی دوژمن بەیەک و بێبەری لە دابونەریتی دەوڵەت بەڕێوەبردن، دابینکردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان تا چ ڕادەیەک لە تواناداد دەبێت؟
پێویستە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکیمان و دۆستەکانی ئەوروپامان لە نەخشەی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە کلاسیکیە کوردیە پاشگەز ببنەوە کە دەویستری بکرێ بە هاوپەیمانی ئیسرائیل و "ژاندرمەیەک" لەبەرامبەر جیهانی عەرەبیدا.)

## کراسێک لە ئاگر

لە بەشێکی وتارێکدا کە بە پێنوسی ئەمین پازارجی و بەو ناونیشانەی سەرەوە لە ژمارەی ڕۆژی ۲۰۰۳/۲/۲٦ی ڕۆژنامەی "تەرجومان"دا بلاوکراوەتەوە، دەلێ:

www.kurdistannet.org
03/03/2003 12:38

کوردەکان لە عێراقدا ڕەگەزێکی سەرەکین. چەکیشیان هەیە. تەنانەت دەگوترێ ئەمەریکا لەم ڕۆژانەی دواییدا چەکی تریشی پێیان داوە. لە باکوری عێراقەوە زماندرێژی دەکەنە سەر تورکیا:
-مەیەن، ئەگەر نا بەرەنگارتان دەبینەوە.

لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا لەدژی تورکیا دەنوسن. نەخشەی "کوردستان" بڵاودەکەنەوە و بانگەشە دەکەن کە مافیان لە خاکی تورکیادا هەیە. بۆچی؟ چونکە توانیویانە ئەمەریکا بخەنە پاڵ خۆیان و چاویان سور بووە. ئەرێ ئەم بارزانی و تاڵە بانیە کێن؟ دوو سەرۆک عەشیرەتی کوردن کە لەشکرێکیان لە پێخاوسان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ڕۆژێکە سنگیان لە بەرامبەر تورکیا دەرپەڕاندووە و پەیامی هەڕەشە ئاراستەی ئەنقەرە دەکەن. جورئەتی ئەوەیان هەیە بلێن تەقە لە سەربازی تورک دەکەین!)

www.kurdistannet.org کوردستان نێت